# هەرکەسێک بمرێت و نەجەنگا بێت لە پێناو خوای گەورە یان بیری لە جەنگان نەکردبێتەوە لە پێناو خوای گەورە؛ ئەوا لەسەر سیفەتێکی دووڕیی (نیفاق) مردووە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک بمرێت و نەجەنگا بێت لە پێناو خوای گەورە یان بیری لە جەنگان نەکردبێتەوە لە پێناو خوای گەورە؛ ئەوا لەسەر سیفەتێکی دووڕیی (نیفاق) مردووە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

هەر پیاوێک توانای جەنگان وجیهاد کردنی هەبێت لە پێناو خوای گەورە بگاتە کاتی سەرەمەرگی وئەنجامی نەدابێت یان لە نەفسی خۆیدا باسی نەکردبێت وبیری لێنەکربێتەوە یان بە پەرۆش وپێداگیر نەبووبێت بۆ جیهاد وتێکۆشان لە پێناو خوای گەورە ئەوا ئەم کەسە شتێک لە دووڕوویی (نیفاقی) تێدایە، ولە نیشانە ئاشکراکانی کەسانی بە پەرۆش بۆ جیهاد وتێکۆشان لە پێناو خوای گەورە بریتیە لە ئامادەکردنی کەرەستەکانی جەنگ، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَلَو أَرَادُواْ ٱلۡخُرُوجَ لَأَعَدُّواْ لَهُۥ عُدَّةٗ}[التوبة: 46]، واتە: {ئەگەر بیان ویستایە دەربچن (بۆ جیهادکردن) ئەوا هۆ وکەرەستەی پێویستیان بۆ ئامادە دەکرد (لە وڵاخ وچەک وتفاقی جەنگ)}، کاتێک دەفەرموێت: (لەسەر سیفەتێکی دووڕویی (نیفاق) مردووە): واتە لەسەر جۆرێک لە جۆرەکانی دووڕوویی (مونافیقێتی - نیفاق) مردووە، واتا: ئەوەی لەسەر ئەمە بمرێت ئەوا خۆی چواندووە بە مونافیقەکان وئەوانەی لە جیهاد وتێکۆشان دوا دەکەن، وئەوەی خۆی بچوێنێت بە کەسانێک ئەوا لە ئەوانە، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو مسوڵمانێک نیەتی جیهاد وتێکۆشانی هەبێت لە پێناو خوای گەورە. ومەبەستیش لە جەنگان وجیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە دەبێت بە پێی ئەو مەرجانە بێت کە لە شەریعەتدا باسکراوە، ئەگەر ئەو مەرجانە هاتە دی ئەوا جیهاد دەکرێت، ئەگەر نا ئەوا پێویستە نیەت هەبێت هەتا هۆکارەکانی جیهاد کردن ئامادە دەبێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6404